# له ده‌روازه‌كانی مه‌دیندا هه‌ندێک فریشته هه‌ن، بۆیه نه تاعون ونه ده‌جال ناتوانن ڕووی تێبكه‌ن

له ئه‌بی هوره‌یره‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «له ده‌روازه‌كانی مه‌دیندا هه‌ندێک فریشته هه‌ن، بۆیه نه تاعون ونه ده‌جال ناتوانن ڕووی تێبكه‌ن».
[صه‌حیحه] [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

له‌م فه‌رمووده‌یه‌دا پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئه‌وه ده‌كات له فه‌زڵه‌كانی مه‌دینه ئه‌وه‌یه كه هه‌ندێک فریشته له ده‌روازه وڕێگاكانی مه‌دینه هه‌ن كه ده‌یپارێزن، بۆیه نه تاعون* ونه مه‌سیحی ده‌جال ناتوانن ڕووو له مه‌دینه بكه‌ن وبچنه نێو ئه‌و شاره پیرۆزه. *(تاعون: نه‌خۆشی ویه‌تایه‌كه كه زۆر به خێرایی بڵاو ده‌بێته‌وه وخه‌ڵكێكی زۆر ده‌مرن به‌هۆیه‌وه)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10560

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee